# دادگای پەپولەکان

هێمن مەلا عەبدوڵڵا
Hemnmela@hotmail.com

بەهار. هێندە ئازارم مەدە، گوێ لە ترپەکانی دڵم راگرە، پێڵوەکانت وەك جاران، وەك ئەو رۆژانەی نامە ناسکەکانت تێدا دەنووسین بە لەسەرخۆیی هەڵێنە و سەیری دەرگاکە بکە، رەنگە هێشتاش جێ پەنجەیەکم بە سەریەوە مابێ، رەنگە تاڵە موویەکم بە رەنگی دەرگاکەوە نووسابێ، رەنگە ئێستاش سێبەرەکەم، ئەوەی خۆت دەتگووت : لە رەشە شەوێکی بێخەم دەچێت. لە پشت دەرگاکە وەستابێ. .

* * *

بەهار. دەمەوێ گوێم لە گفتوگۆی تۆ و پەپولەکان بێت، داخۆ چۆن شایەتیم لە سەر دەدەی، من هەموو شتەکانم بە راستگۆیی‌یەوە گێراوەتەوە، باسی هەموو شتێکم بۆ ئەو پەپولانە کردووە، شوێنی ژوانەکانمانم پێ پیشان داون، ئەو شوێنانەم پیشان داون کە فرمێسکە بێگوناهەکانمان تێدا دەرشتن، ئەو شوێنانەش کە دەستەکانمانی بزۆز دەکردن و بۆ هەموو جێگایەك دەیخشاندن، . . هەموو شتێکم گووتووە، تەنانەت ئەوانەش کە بریار بوو نەیانڵێم زۆریان بۆ هێنام و بەرەو جەستەشت هاتم، پرسیاری سەیریان دەکردن، شوێنی گازلێگرتنەکان، ماچەکان، مەمك هەڵگوشینەکان، هەموو شتێك، بەڵێ لە هەموو شتێکیان دەپرسی، من درۆم لە گەڵدا نەکردوون بەهار. هەموو شتێکم پێگوتوون. زۆر پشوو درێژ بوون، لە سەر لێواری پەنجەرەی ژوورەکەمدا هەڵنیشتبوون و وەك کۆمەڵێك دادرەس گوێیان هەڵخستبوون، منیش بە لە سەر خۆیی هەموو شتێکم بۆ گێرانەوە، باسی یەکتر ناسینە شەرمنانەکەمانم بۆ کردن، باسی ئەو ئێوارەیەی منداڵانە لەناو باخچەی قوتابخانەدا رۆنیشتبووی و هەڵماقۆت دەکرد، لە بەر خۆشتەوە دەدوای، لەگەڵ بەردەکاندا دەدوای، بەڵێنت دەدانێ ئەگەر بە قسەت بکەن شتی خۆشیان دەدەیتێ، ئا. ئا، بەڵێنی بەدرۆت بەوانیش دەدا ! ، ئەو بەردەی بە قسەشی نەکردبای بە نەرمە خەندەوە دەتگووت : لە کیست چوو خۆشەویستی ژنت لە کیس چوو!!، . . من ئەو ئێوارەیە لە پشت پەرژینە تەلبەندکراوەکەی دەوری باخچەوە سەیرم دەکردی، لەو بەردانە رادەمام کە گاڵتەت پێدەکرد ن، سەیرێکی پەنجەرەی ژووری بەرێوەبەرم دەکرد و لەبەر خۆمەوە دەمگووت: تۆبڵێی مامۆستا چاوی لەو مەکربازە نەبێت ؟!، بۆ خۆم کورێکی شەرمن بووم، قەتیش نەدەوێرام لە یاساکانی قوتابخانە لابدەم، بۆیەش ئازاییەکی گەورەم لەو هەڵماقۆ کردنەتدا دەبینی. چاوم وەردەگێرایەوە و سەیری پەنجەکانتم دەکرد، پەنجە خەناوییەکانت، دەتگووت بەردەکانیان بە خەنە کردووە، ئاخر زۆر لە بەردەکان خەنەیی ببوون، وەك پەنجەکانت بوون، بەرز دەبوونەوە تا شوێنێکی بڵند، دواییش دەهاتنەوە خوارێ. .

بەهار. لە یەکێك لەو بەرد هەڵدانانەدا شەیدای چاوەکانت بووم، ئاخر هەموو جارێ چاوەکانیشت لەگەڵ بەردەکاندا بەرز و نەوی دەبوون، . . من لەو ئێوارەیەدا سەرنجی جوانییەکانی ژنم دەدا، لە بیرتە دواجار کە باسی ئەو ئێوارەیەم بۆ دەکردی دەتگووت: خۆت فەقیر مەکە. چاوی من یەکەم چاوی ژن نەبوون کە فریوتدابوون، . . منیش بە پێکەنینەوە دەمگووت: ئێ خۆ دەکرێت دوایین چاوبوو بن کە شەیدایان دەبم؟!، . . ئەو ئێوارەیە سادە بوویت، پێکەنینم بە ورتە ورتە لە سەرخۆکەت دەهات، تۆ دەدوایت، زۆر بە هێمنی دەدوایت، بۆ خۆت نەبێ کەس لێت تێنەدەگەیشت، زۆر تامەزرۆ بووم بزانم لە گەڵ کێ دەدوێیت، یەکەمجار گووتم: خۆی بۆ ژوان ئامادە دەکات، بەڵام دواتر پرسیم : دەبێ لە گەڵ فریشتەکاندا قسە نەکات؟

بەهار. دواجار کە سەرت هەڵێنا تەواو لێت نزیك ببومەوە، چاوە گەورەکانت زیادتر لێك ببونەوەو بە ترسێکی منداڵانەوە گووتت: چۆن لەو تەلبەندە پەریتەوە ؟!، منیش بە لەخۆ بایی بوونێکی نەزانانەوە گووتم: ئەو تەلبەندەش زمانی خۆی هەیە، من زمانەکەی دەزانم و رێم لێناگرێت !!، بەبیرت ماوە پاش ئەو قسەیە چیت کرد؟!، هەستایتە سەر پێ و تا توانیت زللەیەکی ساردت لێدام، ئەوە جوانترین زللە بوو کە لە هەموو ژیانمدا خواردبووم. ئەوئێوارەیەی زللەکەت لێدام بە ترسەوە پێدەکەنیت، وا پێدەکەنیت وەك بڵێیت: بمبورە. وامزانی دۆستە مەستەکەمیت، ئاخر ئەو هەتا زللەی منی بەرنەکەوێت، مەستییەکەی بەری نادات!!، . . تۆ دەترسایت،



www.kurdistannet.org

زور دەترسایت، لەوەی کە لێت بدەمەوە، بە بیرتە دواتر دەتگووت: ئەگەر ئەو زللەیە نەبوایە تۆم نەدەناسی ؟!. . دەتگووت: کاکم لەسەر ئەو زللانە زۆر ئازاری داوم، بەلاَم ناتوانم وازیان لێبێنم. . توخوا بۆ زللەکەت لێنەدامەوە؟. . منیش بە پێکەنینەوە دەمگوت: مەستییەکەی من بە زللەیەك بەری نەدەدام، . تۆ تێنەدەگەیشتیت و دەتگووت: ئای کە درۆزنێکی جوانیت!!. . من ناتوانم هەرگیز ئەو ئێوارەیە لەبیر بکەم کە بەدەم خوراندنی روومەتمەوە پێم گوتیت: کچی باش. . خەریکە شەو دادێ بۆ ناچیتەوە؟. ناترسیت دایك وباوکت نارەحەت بن، یان پێم بڵێ، قەت براکانت لەسەر درەنگ چوونەوە لێیان نەداویت؟!

تۆ ئەو کاتە شەرمنێکی بزۆز بوویت و چاکیش دەتزانی‌سوور بوونەوەی من لەبەر زللەکە نی‌یە، دەتزانی ئەوە شەرمە خزاوەتە ژێر پێستمەوە، بۆیەش دەستێکت لە سەر دڵە پر ترپەکەم دا نا و گووتت: بەهار. . پێویستی بە دڵێکی ئاوا میهرەبان هەیە !!.

* * *

بەهار. . ئەو پەپولانە هەموو شتێکت لێدەپرسن، باسی پەیوەندییە راگوزەرەکانت لە گەڵ کورانی شار، چاوداگرتنە پر لە نازەکانت لە گەڵ رێبوارە پیاسە ویستەکانی گەرەکی ئەودیو، تەنانەت باسی ئەو شەوانەشت لەگەڵدا دەکەن کە دەرگای حەوشەت دانەدەخست، تا لە هاتنە ژوورەوەمدا ماندوو نەبم، پرسیاری ئەو شەوانەشت لێدەکەن کە دەتخزاندمە ژێر پێخەفەکەتەوە و پرچە ئاڵۆزەکەت بەسەر دەم و چاومدا دێنا تاکو مانگ نەمناسێتەوە، دەمگووت: بەهار. . ئەو پرچەت ئازارم دەدات، ناتوانم تامی ئارەقەی سەر روومەتت بکەم. . تۆش دەتگووت: ئاخر دەترسم مانگەشەو لەمن زیادتر شەیدات بێت. .

هەندێ جار نەشمیلێکی زۆرزان بوویت و هەندێ جاریش دەبوویت بە مێیینەیەکی گوناه!!....

ئاگاداربە، نەکەی بە درۆ وەڵامی ئەو پەپولانە بدەیتەوە، ئەوان ئاگایان لەهەموو شتێك هەیە، دەیانگووت: بەر لەوەی بیینە ئێرە، سەیری تۆماری مرازدارانمان کردووە، لەوێ تا ئەو رۆژەی عەشق بە جێی هێشتوون هەموو شتێکتان تۆمار کراوە، بەهار. . ئەو قسانە منیان ترساند، بۆیەش هەموو شتێکم بەراستی بۆ گێرانەوە، باسی پیاسە نهێنی‌یە شەوانەکانم بۆ کردن، ئەو پیاسانەی دوای دوانزەی شەو بە شەقامە تەنهاکانی شاردا دەمانکردن، ئەو پیاسانەی تەنیا بۆئەوە بوون کە عاشقی دیکەی تێدا ببینین، دەماندیتن، لەنێو تاریکاییی کۆڵانێکدا گوێمان لە دەنگی ماچە پر ماناکانیان دەگرت، لەژێر دیواری هەندێك ماڵا ندا ئەو بلۆکانەمان دەدیتن کە لەسەر یەك دانرابوون، تا بە هۆیەوە عاشقێك خۆی باوێتە ناو حەساری ماڵی یارەکەی و بەدەم ئاوردانەوەوە بڵێت: عەشق دیوارەکانی دۆزەخیش دەبرێت. . ئەو پیاسانەمان پر بوون لە گریان، ئێمە لە خۆشییان دەگریاین، دەماندیت ئەو کچ و کورانەی سەربانەکانیان مەودایەکی دەبوو، بەوەندە رازی دەبوون کە تەنها پەنجەکانیان بگەیەننە یەکتری، ئێمە لەو شەوانەدابوو کە تێدەگەیشتین لەو دنیایەدا تەنیا نین. .

بەهار. . تۆ هەمیشە رقت لەو کتێبانە دەبۆوە کە لەگەڵ خۆمدا دەمهێنان، دەتگوت: ئەو کتێبانە لێکمان دوور دەخەنەوە، ئەوانە کەسانێك نووسیویانن کە تنۆکێك عیشقیان لە دڵدا نەبووە، ئەوانە دوژمنی عەشقی ئێمەن!!. . کە داستانە ئەڤینداریییەکانیشم بۆ دەهێنایت، چاوت پڕ دەبوون لە ئاوو دەتگووت: دەتەوێ‌بڵێی ئێمەش دەبێ بمرین ؟ دەتەوێ‌بڵێیت: ئەڤین خۆخافلاَندنە ؟، تۆ هەمیشە ئەو شتانە لەگەڵ خۆتدا دێنیت کە نائومێدمان دەکەن، تکا دەکەم ئەو کتێبە نەعلەتییانە مەخوێنەوە، ئەوانە ئازارمان دەدەن، ... منیش بە نابەدڵییەوە دەمگووت: باشە گیانی من. . ئەم فیداکارییە عاشقانەیەشت بۆ دەکەم. . ، دیسان تێنەدەگەیشتیت، بەلاَم دەتزانی رازی بووم، بۆیەش دەهاتیتە پێش و دەتگووت: بەهار. . دڵێکی ئاوا میهرەبانی خۆشدەوێ!.

* * *

هێشتاش بە بیرمە، کە نامەی کورە کەی هاوسێتانم لە ژێر مەمکدانە پەمەیی‌یەکەتدا دیتەوە، تۆ نەشێوایت، بە پێچەوانەوە پێکەنیت و بە نازێکەوە گووتت : چی‌یە ؟ بۆ هێندە حەسوودیت ؟، دەزانیت بەهار. . دڵی پیسی خۆش ناوێت ؟!. ......

ماویەتی